# مەبەست لە ڕۆژوو وپلەو وپایەیەکەی لە ئیسلامدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**عبد السلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# الصيام ومكانته في الإسلام

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# مەبەست لە ڕۆژوو وپلەو وپایەیەکەی لە ئیسلامدا

خوای گەورە ڕۆژووی بۆ تەشریع کردوین، و بە چوارەم ڕوکنی ئیسلامەکەمانی داناوە، و کۆمەڵێك دەقیش لە قورئان و سوننەت جەخت لەسەر واجب بوونی دەکەنەوە، وئەحکامەکانیان بە شێوەیەکی جوان ڕوون کردوەتەوە، بە یارمەتی خوای گەورە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەندێکیان .

**پێناسەی ڕۆژوو لە زمانەوانییدا :**

ڕۆژوو (صوم) لە زمانەوانییدا بەمانای وازهێنان و ڕێگری لەشتێك دەوترێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا﴾ [سورة مريم: الآية 26] واتا : بەڕاستی من نەزرمکردووە بۆ خوای بە بەزەیی کە بێدەنگ بم، و ئەمڕۆ لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسە نەکەم .

زماناسان ووتویانه : (صام صوما وصياما) واتا : خۆی گرتوەتەوە لە خواردن و خواردنەوە و ژن و ژنخوازی، هەر بۆیە بە ئەسپ دەوترێت : (صائم) لەبەر خۆگرتنەوەی لە ئالیك خواردن [ سەیری القاموس المحيط ، لسان العرب، مادة (صوم) بکە ]

بەڵام پێناسەی ڕۆژوو لای زانایانی شەرعناس : بەمانای خۆگرتنەوە بەنیەتی بەندایەتی و پەرستنی خوای گەورە دێت، لە چەند شتێکی تایبەت لەکاتێکی تایبەت، لە لایەن کەسێکی تایبەتەوە بەچەند مەرجێکی دیاری کراوی تایبەت، بەڵگەش لەسەر ئەم ووتەیە، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [ سورة البقرة: الآية 187 ] واتا : دەسا بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوە ، هەتا ئەوکاتە هەودای سپیایی دەمەوبەیان لەنێو هەودای ڕەشی شەو لە ڕۆژهەڵاتەوە

دەردەكەوێ و جیائەبێتەوە ، لە پاشان  ڕۆژوووەكەتان ببەنە سەرو تەواوی بكەن ، هەرلە شەبەقەوە تا شەودێت و خۆرئاوا دەبێت .

ڕۆژوو بەبێ نیەت دروست نییە، وە دەبێت لە بەرەبەیانەوە هەتاوەكو ڕۆژئاوابوون بێت، وە بەچەند مەرجێكی تایبەتیش نەبێت ڕۆژوو دروست نابێت .

**پلە وپایەی ڕۆژوو لە ئیسلامدا :**

1) ڕۆژوو ڕوكنێكە لە پێنج ڕوكنەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، یەكێكە لە باشترین عیبادەت و پەرستنەكان كە بۆ خودا دەكرێت، چونكە خوای گەورە تایبەتی كردووە بەخۆیەوە، ئەوەتانێ لەفەرموودەیەكی قودسیدا دەفەرموویێت : « كل عمل ابن آدم له إلا الصوم؛ فإنه لي، وأنا أجزي به.. » [رواه البخاري في الصوم، باب فضل الصوم ( 1894)، ومسلم في الصيام باب حفظ اللسان

للصائم (1151) ] واتا : هەموو كاروكردەوەی نەوەكانی ئادەم بۆ خۆیانە، ڕۆژوو نەبێت، ڕۆژوو بۆ منە، وە هەر منیش پاداشتی دەدەمەوە .

2) ڕۆژوو نهێنیەكی گرنگی نێوان بەندە و پەروەردگاری بەدیهێنەریەتی، ئەویش خۆی لە هەستكردنی بەندەكانەوە دەبینێتەوە بە چاودێری كردنی پەروەردگاریان لە هەموو سات و كاتێكدا، چونكە ڕۆژووگرتن هەموو دەرگاكانی ڕیا و ڕوپامایی داخستووە، بەشێوەیەك هیچ دەرفەتێكی بۆ نەهێشتوەتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو باوەڕداران لەسەر چاودێری كردنی خوای گەورە پەروەردە دەكات، ئەمەش ئامانجێكی بەرز وپیرۆزی ڕۆژووە لە ئیسلامدا .

3) ڕۆژوو كۆمەڵگە فێری ڕێكخستن و دادپەروەری یەكسانی دەكات، وە سۆز وبەزەیی چاكە خوازی لە دڵ و دەروونی

باوەڕدارانددا دەچێنێت، هەروەك چۆن كۆمەڵگەیش دەپارێزێت لە خراپە و خراپەكاری و گەندەڵی .

4) ڕۆژوو وا دەكات لە موسڵمانان كە هەست بە ئێش و ئازاری براكانی بكات لە تەواوی ڕووی سەر زەویدا، ئەمەش هانی دەدات كە دەستی یارمەتیان وهاوكاری بۆ هەژاران و نەداران درێژ بكات، ئەمەش دەبێتە هۆی چاندنی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوانیاندا .

5) ڕۆژوو ڕاهێنانێكی كرداریە لەسەر كۆنترۆڵ كردنی دروون، و هەڵگرتنی لێپرسراویەتی و بەرگە گرتنی ناڕەحەتی و نەهەماتیەكان .